# گریانی پێکەنین....

**کانی هەڵەبجەیی**
**هۆڵندا**
Kani_awin@hotmail.com



**ئەمشەو پێکەنین زۆر زۆر گریا**
**کەچی گریانیش قاقای پێکەنینی ئەگەیە ئاسمان**
**دەمبینی خەندەو ئەسرین دەستیان کردبوو بە سەما**
**دیمەنیان هێندە جووان بوو، لە جووانی زویر بوون ئەستێرەکان**
**هەنیسکو قاقاش دەست لە ناو دەست، پیاسەیان دەکرد بە**
**شەقامەکانی ئەوینا**
**زۆریان پێ سەیر بوو.. بەتاڵ بوون لەوێ گشت دڵەکان..!!!**
**منیش پێکەنینم کردە پێمو گریانیشم کرد بە بەرما**
**ئەمجا ڕێم گرتە بەر، بۆ کۆڵانی ئاهەنگەکان**
**بیستم هەموو ئاوازەکان هەنیسک بوونو وشەکانیش هەڵیان ئەیا بە شانو باڵی پێکەنینا**
**تێنەگەشتم... تا بینیم سەمای تاوانی فریشتەکان..!!!**
**ئەوجا لە فریشتەیی ناخی خۆشم چووم بە شکا**
**خێرا ڕامکرد بۆ بێستانی ئاوێنەکان**
**دەنگێکی دوور هاواری کرد بەناو گوێما**
**زانیم درۆ بوونی نی یەو........**
**هەمووی درۆن ڕاستی یەکان**

12-8-2006